## مەشخەڵ عزەدین یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئافرۆدێت:

# یەکێتییە وەرزشییەکان بیریان لای باخەڵی خۆیانە نەک وەرزشی کچان



تیپی تۆپی باڵەی یانەی ئافرۆدێتی شاری سلێمانی یەکێکە لەم یانانەی کەوا گرنگییەکی زۆر بە یاری تۆپی باڵەی کچان دەدەن لە شارەکە، ماوەی چەند ساڵێکیشە یانەکە بۆتە قوتابخانەیەکی باش بۆ پێگەیاندنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانا، یەکێک لەم کچە یاریزانانەش مەشخەڵ عزەدین-ی لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری سلێمانییە کە لەساڵی ٢٠١٢ لە قوتابخانەکانەوە دەستی بە وەرزش کردووە و ماوەی پێنج ساڵە لە ریزی یانەی ئافرۆدیتە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- زۆر خراپە و رۆژ بە رۆژ بەرەوو دواوە دەچێت، ئەمەش بەهۆی بێ پلانیی یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان و لقەکانیەتی کە ئەم یارییەیان پەك خستووە، بەڵام لە سەر ئاستی عێراق زۆر باشترە، چونکە ئەوانساڵانە پلانی خۆیان هەیە و پاڵەوانیەتی بۆ سەرجەم ئاستەکان دەکەنەوە.

***واتە پێتوایە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- دەبێت بەرنامەمان هەبێت خول و پاڵەوانیەتی بکەینەوە بۆ سەرجەم ئاستەکان، تازە پێگەیشتووان و لاوان و پێشکەوتووان، بەڵام بەداخەوە ماوەی پێنج ساڵە یاری دەکەم نەمبینیوە خولێکی تازەپێگەیشتووان یان لاوان بکەنەوە، ئیتر چۆن پێشدەکەوێت.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی باڵەی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- ساڵانی رابردوو بە هەموو ئیمکانیەتیشەوە لە ئێستا باشتر بووەو هەمیشە خول و پاڵەوانیەتی هەبووە، بەڵام ئێستا یەکێتییە وەرزشییەکان تەنیا بیریان لای باخەلی خۆیانە کە چۆن خولێك بکەنەوە و پارەی لێ بخۆن و وەرزشی کچان بۆیان گرنگ نییە، لە کوردستانیش تەنیا یاری تۆپی پێ بایەخی پێ دەدرێت و یارییەکانی تر پشتگوێ خراون، بۆیە هەمیشە وەرزشی کوردستان لەسەرجەم یارییەکاندا بەرەو دواوە دەچێت، بە تایبەتی لە یاریی باڵە.

***جگە لە کەمبوونی کردنەوەی خولەکان گرفتی یارییەکانی تۆپی باڵە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- کێشەو گرفتمان ئەوەندە زۆرە باس ناکرێت، ئێمە وەك یاریزانی یانەی ئافرۆدێت شوێنێکی گونجاو و تایبەتمان نییە مەشقی تێدا بکەین، هۆڵێکمان هەیە بەرزییەکەی تەنیا پێنج مەترە، ئەمەش بۆ یاری نابێت، نەبوونی خولیش و کێشەی تریش زۆرن.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

- هیواو ئاواتم ئەوەیە کوردستانیش بەشداری پاڵەوانیەتی جیهانییەکان بکات و منیش لە یاریی باڵە ببم بە یاریزانێکی باش کە بتوانم خزمەت بە کوردستان بکەم لەم بوارەدا.

*** دەستەی کارگێڕیی یانەکەتان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- بەداخەوە هیچ هاوکارییەکمان ناکات، تەنیا ئەوە نەبێت هەفتەی دوو رۆژ پاسی بۆ دابین کردووین بە هەردوو رۆژەکەش تەنیا چوار کاتژمێر، هیچ هاوکاریەکمان ناکرێت، تەنانەت بۆ سەفەرەکانیش لەسەر گیرفانی خۆمان دەڕۆین، تەنیا پاس دابین دەکەن، بەڵام ئێمە خۆشەویستیمان بۆ یارییەکەو یانەکەش هەیە و بەردەوامین.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- هیچ بەرنامەیەکم نییە، چونکە هیچ خولێك نییە، دەبوو بەرنامە هەبێت بۆ ئەوەی لە خولی عێراقیدا بەشداری بکەین، لە رێگای خولی عێراقەوە بتوانین یەکەم بین و بەشداری خولی ئاسیا بکەین و هەڵبژێرین بۆ هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی بەشداری بکەین، بەهۆی گرفتی دارایی.

*** چی بە بەرپرسانی وەرزشی دەڵێیت؟**

- بە بەرپرسانی وەرزشی دەڵێم بەسە ئیتر با وەرزشی ئەم کوردستانە زیاتر بەرەو دواوە نەچێت، هەوڵبدەن بە هەموو لایەك وەرزشی کوردستان بەرەو پێش بەرن، خول و پاڵەوانیەتی بکەنەوە، ئەگەر پێشیان ناکرێت، واز بهێنن، راستە قەیرانە بەس خولی باڵە تەنیا ٢٠٠ هەزاری دەوێت، بۆچی یەکێتی تۆپی پێ ساڵانە خولی هەیە، باڵە نییەتی؟

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- گرنگی بە توانای کچە یاریزانانی کوردستان بدەن و ئاستیان زیاتر بەرەو پێش ببەن، زۆر باشترە لە هێنانی یاریزانانی بیانی.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- ئەوە هیوای من و هەموو کچە یاریزانێکی کوردستانە بۆ ئەوەی خزمەت بە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکات.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

- هیوادارم وەرزشی کوردستان زیاتر بەرەو پێش بچێت و لەلایەن بەرپرسانی وەرزشییەوە زیاتر برەوی پێ بدرێت، با خەوەنی من و سەدان یاریزانی وەکو من بە فیرۆ نەڕوات، سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی بۆ وەرزشکاران.






# گواردیۆلا چاوی لە یاریزانەکانی بەرشلۆنەیە

رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی بڵاویکردووە سامۆێل ئۆمتیتی فەرەنسی لە جێهێشتنی یانەی بەرشلۆنە نزیک بووە.

گرێبەستەکەی ئۆمتیتی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە هاوینی ٢٠٢١ تەواو دەبێت، بەڵام یاریزانی ناوبراو داوای نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی و زیادکردنی مووچەکەی دەکات.

بەپێی هەمان سەرچاوە ئۆمتیتی دەیەوێت موچەکەی هاوشێوەی ئینێستا و سوارێز بەرزبکرێتەوە.

سپۆرت ئاشکرایکرد یانەی بەرشلۆنە رەتیانکردووە داواکارییەکانی ئۆمتیتی جێبەجێ بکەن و مووچەکەی هاوتای ئەستێرەکانی ریزی یەکەمی یانەکەیان بەرزبکەنەوە.

ئەو هەواڵە لە کاتێکدایە یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی هەوڵەکانی بۆ گواستنەوەی ئۆمتیتی دەستپێکردووە و یاریزانی ناوبراویش داوای یانە ئینگلیزیەکە وەك کارتی فشار بەرانبەر یانەکەی بەکاردەهێنێت.

# شەڕی بایرن و ڕیال لەسەر یاریزانێک دەستی پێکرد


بەهۆی ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی دەستەی کارگێری هەردوو یانەی بایرن میونیخ و ریاڵ مەدرید گرژی کەوتە نێوانیان و بەرپرسانی یانە ئەڵمانییەکە تووڕەیی خۆیان نیشانداوە.

ڕۆژنامەی ئاسی ئیسپانی لە نوێترین هەواڵیدا باسی لەوە کردووە لیڤاندۆڤسکی بەڕێوەبەری کارەکانی ئاگادارکردووە، کە ئارەزووی ئەوە دەکات روو لە یانەی ریاڵ مەدرید بکات، تاکە هۆکاریش بۆ گرنگیپێدانی یانەی ریال مەدرید دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاریزانە.

سەرچاوە ئیسپانییەکە ئاماژەی بەوە داوە کارل هاینز رۆمەنیگەی سەرۆکی جێبەجێکاری بایرن میونیخی ئەڵمانی تووڕەیی خۆی بەو رێککەوتنە ژێر بە ژێرەی ریاڵ مەدرید و لیڤاندۆڤسکی دەربڕیوە و ئاماژەی بەوە کردووە بەبێ پرسی دەستەی کارگێری یانەکە هیچ یاریزانێک ناتوانێت بڕیاری ڕۆیشتن بدات.

ئەو قسانەی رۆمەنیگە وایکردووە جەنگێکی راگەیاندن لەگەڵ دەستەی کارگێری یانە مەدریدییەکە دروستبکات، چونکە هێرشبەرە پۆڵەندییەکە تاکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ گرێبەستەکەی لەگەڵ یانە ئەڵمانییەکە هەیە.





# یاریزانێکی ئەرژەنتینی لە یانەی پاریس سانت جێرمان بێزارە



خافێر پاستۆری ئەرژەنتینی و یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمان باس لە جێهێشتنی یانە پاریسییەکە دەکات.

لە لێدوانێکدا بۆ رادیۆی ئۆندا سیرۆ پاستۆری رایگەیاند هەست بەوە دەکات کاتەکانی لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان بەرەو تەواوبوون دەچێت.

ئەو لێدوانەی پاستۆری لە کاتێکدایە یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی یەکێکە لەو یانانەی گرنگی بەتواناکانی دەدات و دەیەوێت گرێبەستی لەگەڵدا واژوو بکات.

بەپێی نوێترین هەواڵیش یانەی بێشکتاشی تورکی بۆ گواستنەوەی پاستۆری لەسەر هێڵە و دەیانەوێت هاوینی ئەمساڵ ئەو یاریزانە لە پاریسەوە بۆ ئیستەنبوڵ بگوازنەوە.

# دانی ئەلڤێس بەراورد لە نێوان نێمار و کۆتینهۆ دەکات




دانی ئەلڤێسی بەرازیلی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا باس لە تواناکانی هەریەکە لە نێیمار دا سیلڤا و فیلیپ کۆتینهۆی هاونیشتمانی دەکات.

ماڵپەری دەیلی ستاری ئینگلیزی لێدوانەکانی ئەلڤێسی یاریزانی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی بڵاوکردووە دەڵێت: هیچ خاڵێکی کەمتر لە کۆتینهۆدا نابینم، کە لە نێیماردا هەبێت، بەڵکو یەک ستایلی یاریکردنیشیان هەیە.

ئەلڤێس ئاماژەی بەوەشکرد لەو کاتەی کۆتینهۆ رووی لە یانەی بەرشلۆنە کردووە، چاوەکانی زیاتر بەلای خۆیدا راکێشاوە و هاوشێوەی نێیمار دەردەکەوێت، بەجۆرێک کاریگەری گەورەی لەسەر هەڵبژاردەی وڵاتەکەی و یانەکەی دروستکردووە.

لە کۆتایی قسەکانیدا یاریزانەکەی پێشووی یانەی بەرشلۆنە باسی لەوە کرد، کە چانسێکی گەورەی هەیە لە پێکهاتەی سامبادا کۆمەڵێک ئەستێرەی گەورەی جیهانی دەبینێت.

# حاکم جەمال سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەندرێن:
# شەفاف بوونمان هۆکار بووە بۆ ئاشکراکردنی سەرچاوەی داراییمان



یانەی وەرزشی هەندرێن پێشەنگی یانەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی یەکەمی خولەکە، لە ماوە رابردوودا حاکم جەمال سەرۆکی یانەی وەرزشی هەندرێن وەکو یەکەم سەرۆك یانە سەرچاوەی دارایی تیپەکەی ئاشکرا کرد کە چۆن پارەیان دەست کەوتووە و لە تیپەکەیان سەرفیان کردووە، ئەنجامەکانی یانەکەش لەم وەرزە جێگای دڵخۆشی کارگێڕیی تیپەکە و سەرۆکی یانەکە بووە، سەرۆکی یانەکەش ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە بەردەوام دەبێ لەپشتگیریکردنی تیپەکەی، لە بارەی ئاشکراکردنی سەرچاوەی دارایی تیپەکەش حاکم جەمال جەلال سەرۆکی یانەی وەرزشی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سەرچاوەی دارایی یانەکە تەنیا ٢٨دەفتەر دۆلارە کە لە رێگای گەلاری مۆڵ و کۆمەڵگەی باڵای پەروەردەیی و کۆمەڵگەی گەشتوگوزارە ئەو بڕە پارەیە دابین دەکرێت، ئەوەش بەرهەمی دڵسۆزی و خەمخۆری خۆم بووە بۆ سێکتەری وەرزشی، بەتایبەتی یانەی وەرزشی هەندرێن.» لەبارەی چۆنیەتی سەرفکردنی ئەو بڕە پارەیەی یانەکە و هاوکاریکردنی تیپەکەش گوتی: «سەبارەت بە پشتیوانی دارایی یانەکەمان تەنیا و تەنیا ئەو ژێرخانەیە کە ئێمە دابینمان کردووە و پشتی پێ دەبەستین، جگە لەوە هیچ لایەك و حکومەت یارمەتیمان نادات.» لەبارەی گرفتی دارایی یانەکەش گوتی: «بەم بڕە پارەیەی کە ئێستا لە بەردەستماندایە، مانای ئەوە نییە لە قەیران دەباز بووین، بەڵکو کورتهێنانمان هەیە لە بودجە، هۆکاری ئاشکراکردنی سەرچاوە داراییەکانیشمان بە مەبەستی شەفاف بوون بووە لە کارکردنماندا هەروەها با ببێتە نەریتێك لەم وڵاتەی ئێمە و هەموو شتەکان بە شەفافی بێت، ئێمەش خاوەنی ئەو دەستپێشخەرییە بین، هەر چەندە بۆی هەیە لەم سەردەمە بە هەند سەیر نەکرێت، بەڵام مێژوو بە هەنگاوێکی مەزن دەینووسێتەوە.» لەبارەی ئاستی تیپەکەش گوتی: «هەوڵدەدەین لە قۆناخی داهاتوودا بتوانین درێژەپێدەری ئەنجامە باشەکانمان بین و لە داهاتووشدا ئەنجامی شایستەتر بەدەست بهێنین.»





# مەزن محەمەد ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر:
# چوار ساڵە بە خۆبەخشی کار دەکەین

تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی یانەکە جامی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، سێ ساڵ لەمەوبەریش نازناوی خولی عێراقیان بەدەست هێنا. لەبارەی بەدەستهێنانی نازناوەکە و یەکرِیزیی یاریزانان مەزن محەمەد راهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە هەر لە سەرەتای خولی نایابی فوتسالی کچان یەکدەست و یەکدڵ بووین کە تاکە ئامانجمان بەدەستهێنانی نازناوەکە بوو، بۆیە کاری باشمان بۆی کرد، بۆ ئەوەی بە خەونەکەمان بگەین، بەدەستهێنانی ئەو نازناوە دوو جار خۆشە بۆ من، یەکەمیان نازناوەکەم وەکو راهێنەر بۆ خۆم و بۆ شاری هەولێر و بۆ یانەکەشمان بەدەستهێنا لە دامەزراندنی تا ئێستا ئەم نازناوەمان نەبردووە، دووەمیش ئەوە بوو کە بوومە یەکەم راهێنەر لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق کە هەردوو نازناوی کوردستان و عێراقم بردۆتەوە، ئەویش بە پشتیوانی خودای گەورەیە.» گوتیشی: «ماوەی چوار ساڵ دەبێت ئەو خێزانە لە یانەی ئافرەتانی هەولێر کار دەکەین، بەڵام خۆشەویستی وەرزش و یەك خێزانی وای کرد، زۆر بیر لە گرێبەست و مووچە نەکەینەوە، هەرچەندە کاریگەریشی هەبوو لەسەرمان، بەڵام بیرمان تەنیا لەلای ئەنجامی شایستە بوو بۆ تیپەکە، تا بتوانین تیپەکەی پایتەختی کوردستان سەربکەوێت، بۆیە بیرمان لای مووچە و گرێبەست نەبووە، بەڵام یەك خێزانی وای لە ئێمە کردووە کە بتوانین هەوڵ و کۆششمان بۆ بەدەستهێنانی نازناو بێت.»



# شوان قادر.. ئەو یاریزانەی دایكی لە هەموو یارییەكانی ئامادە دەبێت

شوان قادر هەڵەبجەیی هەفتەی رابردوو بە تۆماركردنی گۆڵێك و باوەشكردن بە دایك و خوشكی كە ئامادەی یارییەكە بوون، بووە بابەتی سۆشیال میدیا و دەستخۆشییەكی زۆری بۆ هات. ئەم یاریزانە باسی ئەوە دەكات كە بەنیاز بووە روو لە هەندەران بكات، بەڵام لە بڕیارەكەی پەشیمان بۆتەوە، لە بارەی یارییەكانیشی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«من كاتی خۆی یاریزانی یانەی هەڵەبجە بووم، دواتر رووم لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی كرد، ئەمساڵیش دوو یارییە هاتوومەتەوە یاری بۆ یانەی هەڵەبجە دەكەم و دەمەوێت ئاستی شایستەی خۆم بۆ ئەو یانەیە پێشكەش بكەم، هەفتەی رابردووش هەستێكی خۆشم هەبوو كاتێك گۆڵم تۆماركردو رووم لە دایكم كرد و باوشم پێدا كرد، ئەویش وەكو وەفایەك بۆ میهرەبانی و ئەو ماندووبوونەی لەگەڵم كە بەردەوام پشتگیریمی كردووە، كاتی خۆی هەموو كەسوكارم رێگربوون لە وەرزشكردن، تەنیا دایكم پشتگیری دەكردم، دایك پیرۆزە و منیش ئەو كارەم كرد لە نێو یاریگا، هەرچەندە بڕیارم دابوو واز لە وەرزشكردن بهێنم، بەڵام ئێستا پەشیمان بوومەتەوە، ئەو كارەی من دەنگدانەوەیەكی زۆری بە دوای خۆی هێناوە، بڕیاری ئەوەشم دابوو بچمە ئەوروپا، بەڵام ئەو بڕیارەشم رەتكردەوە و بریارم دا خزمەتی یانەی هەڵەبجە بكەم.» لەبارەی داواكردنی یانەكانیش بۆ یاریكردن گوتی: «چەندین یانە لە كوردستان هەبووە وەك برایەتی و چەند یانەیەكی تریش كاتی خۆیشی هەولێریش داوای كردم، ئەمساڵیش بۆ خولی عێراقی سلێمانی داوای كردم، بەڵام بەشدار نەبوو، هەموو هەوڵێك دەدەم لە ساڵی داهاتوو لە خولی عێراق و خولی پلەنایابی كوردستان یاری بكەم.» لەبارەی گرفتی یانەی هەڵەبجەش گوتی: «لە رووی ئامادەكارییەوە زۆر باش نین، تەنیا چەند راهێنەرێك گۆڕیون، بەڵام هەموو هەوڵێك دەدەین جەماوەری هەڵەبجە دڵخۆش بكەین،خەون و ئاواتی منیش ئەوەیە كە شارەكەمان بووە بە پارێزگا و تیپەكەشمان سەربكەوێت بۆ خولی نایابی كوردستان، یانەكەش گرنگی زیاتر بە یاریزانان بدات، یانەی هەڵەبجە درووشمی یانەی دایكە وەكو وەفایەكیش بۆ ئەوانەی ئامادە دەبن با شوێنێك بۆ ئافرەتان دابین بكات، ئەگەر شوێن دابین بكرێ، من وەكو یاریزانێك لە یارییەكانی داهاتوو دایكم و خوشكم و پوورەكانیشم دێن و یاریزانەكانی تریش خێزانیان دەهێنن، لەیاری رابردووش دایكم بە پێوە بووە، كورسییەك نەبووە لەسەری دابنیشێت.»